

## بەرپرسی فایلی وەرزش ماڵئاوا

# خوالێخۆشبوو حاجی ئەحمەد عەزیز و تەمەنێک خزمەتکردن بە وەرزش

ئەحمەد عەزیز بەرپرسی فایلی وەرزشی لە گۆڤاری گوڵان ماوەی چەندین ساڵ لەم گۆڤارە خزمەتێکی بەرچاوی بە بواری وەرزش کرد و هەر لە سەرەتای دەرچوونی ئەم گۆڤارەوە وەکو ئەندامێکی کارای گۆڤارەکە کاری کردووە، لە ماوەی تەمەنیدا چ وەکو یاریزان و ناوبژیوان، یانیش وەکو سەرپەرشتیاری یارییەکانی خولی نایابی کوردستان و وەك وەرزشکار خزمەتی زۆری بە وەرزشوانانی کوردستان کردووە، ئەو ماوە زۆرەی کە لە نێو وەرزشکارانی کوردستاندا کاری کردووە خۆشەویستییەکی یەکجار زۆری هەبووە و، تێکەڵاوییەکی زۆری لەگەڵ وەرزشکارانی تەواوی شارەکانی کوردستان و عێراق هەبوو، بەڵام بەداخەوە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٨/٧ بە ڕووداوی هاتووچۆ لە نێوان ڕێگای کۆیە و هەولێر خۆی و هاوسەرەکەی و منداڵەکەی گیانیان لەدەستدا، بۆ ئەم مەبەستەش چەند وەرزشکاری نزیك لە خوالێخۆشبوو لە بارەی ژیانی ئەو کەسایەتییە وەرزشییەوە قسەیان بۆ گۆڤاری گوڵان کرد.

سەفین کانەبی:

**مامۆستا ئەحمەد عەزیز یەکێک بوو لەو کەسایەتییانەی کە ئەرکەکانی خۆی زۆر بەجوانی و پاکی رادەپەڕاند، لە کارەکانیشی زۆر دڵسۆز و جددی بوو**

سەلیم نووری:

**مامۆستا ئەحمەد زۆر پاڵپشتی ناوبژیوانانی دەکرد و لە زۆربەی یارییەکانی خولی عێراق و کوردستان پێکەوە بووین**

ئەرسەلان قادر:

**کاک ئەحمەد ئەستێرەیەک بوو لە ئەستێرەکانی تۆپی پێی کوردستان**

شێخ ئەحمەد عەبدوڵا:

**سەردەمی بەرپرسیارێتیی ئەحمەد عەزیز لە لیژنەی ناوبژیوانانی هەولێر، بە سەردەمی زێڕینی ناوبژیوانانی هەولێر دادەنرێت**

سەرەتا سەفین کانەبی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان لەم بارەوە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ساڵانێکی زۆرە لەگەڵ مامۆستا ئەحمەد عەزیزی کۆچکردوو ئاشنایەتییم هەبوو، یادی بەخێر، یەکێك بوو لەو کەسایەتییانەی کە ئەرکەکانی خۆی زۆر بەجوانی و پاکی رادەپەڕاند، ئەو لە ئیشکردن زۆر دڵسۆز و جددی بوو، ئێمە لە چەندین جێگە بە یەکەوە کارمان کردووە، بەتایبەتیش لەم ساڵانەی کۆتاییدا کە وەك سەرپەرشتیاری یارییەکانی خولی کوردستان و وەك ئەندامی لیژنەی ناوبژیوانانی کوردستان لە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان پێکەوە بووین، ئێمە زۆر لە مامۆستا ئەحمەد عەزیزی کۆچکردووو رازی بووین، ئینشائەڵلا خودای گەورەش لێی رازی بێت و جێگای بەهەشت بێت، بەداخەوە بۆ لە دەستدانی ئەو پیاوە دڵسۆزە، کە دوای خۆی بۆشاییەکی گەورەی لە نێو توێژی وەرزشواناندا بە گشتی و لە نێو ماڵی ناوبژیوانانی کوردستان بەتایبەتی دروست کرد.»

مامۆستا سەلیم نووری سەرپەرشتیاری پسپۆڕی وەرزشی و ناوبژیوانی پێشوو و دۆستی دێرینی خوالێخۆشبوو، ئەویش لە بارەی مامۆستا ئەحمەد عەزیز بەم جۆرە دوا: «خوالێخۆشبوو ئەحمەد عەزیز ناوبژیوانی پلە یەکی عێراق و کوردستان لە تۆپی پێ و هاوڕێی دێرینم، جێگەی داخ و نیگەرانییە بۆ کۆچی دواییان کە بە کارەساتێکی دڵتەزێن ماڵئاواییان لێ کردین، بەڵام بەرامبەر کاری خودا هیچ دەسەڵاتێکمان نییە، لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو ئاشنایەتیم لەگەڵ کۆچکردووو پەیدا کرد، بەڵام ئەو پێشتر لە من کاری ناوبژیوانی دەکرد، ئەوکات من یاریزان بووم، دواتر بوومە ناوبژیوان، مامۆستا ئەحمەد زۆر پاڵپشتیی ناوبژیوانانی دەکرد و لە زۆربەی یارییەکانی خولی عێراق و کوردستان پێکەوە بووین، بە تایبەتی لە خولی عێراق، هەروەها لەگەڵ مامۆستا محەممەدی برای رەحمەتییش بە هەمان شێوە، ئەحمەد عەزیز خاوەن خۆڕەوشتێکی بەرز و رووخۆش بوو و زۆر هاوکاری ناوبژیوانە لاوەکانی دەکرد، کاتێ سەرۆکی لیژنەی ناوبژیوانانی هەولێر بوو، جارێکیان لە خولی عێراق ناومان دەرچوو بۆ بەرێوەبردنی یارییەك لە شاری دهۆك، لەگەڵ مامۆستا محەممەدی خوالێخۆشبوو و کاك ئەحمەد، یانەیەك بەر لە دەستپێکردنی یارییەکە بەرامبەر یانەیەکی شاری بەغداد بوو، دەستەی کارگێڕیی یانەکەی شاری دهۆك هاتە هوتێل پارەیان بۆمان هێنا بوو، بە هەرسێ ناوبژیوانیان گوت ئەو دیارییە بۆ ئێوە، بەڵام کاك ئەحمەد بە توندی وەڵامی دانەوە گوتی پارەکە هەڵگرن و شتی وا قبووڵ ناکەین، ئەو یەکێکە لە بەسەرهاتەکانی ژیانی ناوبژیوانم لەگەڵ کۆچکردووو، کە من شاهیدحاڵ و ناوبژیوان بووم لەگەڵیدا، بە راستی مرۆڤێکی دڵسۆز و هاوکاربوو، هەمیشە هەرکارێت پێ هەبوایە بە بێ هیچ دوودڵییەك جێبەجێی دەکرد، جێگای بەهەشت بێ و خوای گەورە سەبووری خانەوادەکەی و کەسوکاری بدات.»

مامۆستا ئەرسەلان قادر ناوبژیوانی پێشوو و دۆستی نزیکی کۆچکردوو بۆ گۆڤاری گوڵان قسەی خۆی هەبوو، لەوبارەیەوە گوتی: «خوالێخۆشبوو ئەحمەد عەزیز لە بنەماڵەیەکی وەرزشی بوو، من ٣٥ساڵ پێش ئێستا لەگەڵیان ئاشنا بووم و یاریزانی تیپی میللی هەشتی شوبات بوو، دواتر رووی کردە بواری ناوبژیوانی و پەرەی بە تواناکانی خۆیدا، تا بوو بە ناوبژیوانی پلە یەکی عێراق و کوردستان و ئاستێکی زۆر باشی هەبوو لە ناوبژیوانی، چەندین یاریی گرنگی بە سەرکەوتوویی بەڕێوە بردووە و دواتر وازی لە کاری ناوبژیوانی هێنا، لە لیژنەی ناوبژیوانانی هەولێر دەستی بە کار کرد و زۆر ناوبژیوانی پێگەیاند، دواتریش بوو بە سەرپەرشتیاری یارییەکانی تۆپی پێی خولی نایابی کوردستان، هەروەها رۆڵێکی باشی هەبووە لەم بوارەدا، من و کۆچکردوو زۆر لە یەکتر نزیك بووین، گفتوگۆی زۆرمان دەکرد لە سەر یاسای تۆپی پێ، دوایین جار رۆژی هەینی بوو کاتژمێر١٠ی بەیانی پێش رووداوەکە، من قسەم لەگەڵ کرد، کاك ئەحمەد ئەستێرەیەك بوو لە ئەستێرەکانی تۆپی پێی کوردستان، ئەوە قەدەری خودایە، تەنیا دەڵێین رۆحت شاد و بەهەشت جێگات بێت».

شێخ ئەحمەد عەبدوڵا ناوبژیوانی عێراق و کوردستان کە یەکێك لە دۆستە دێرینەکانی مامۆستا ئەحمەد عەزیز بووە، لە بارەی ئەو هاوکارە بەوەجەی گۆڤاری گوڵان گوتی: «خوالێخۆشبوو یەکێك بوو لەو ناوبژیوانانەی شاری هەولێر کە لە ناو شەقامی وەرزشی چ لە کوردستان، یان لە عێراق مێژوویەکی درەوشاوە و پرشنگداری تۆمارکردووە و خاوەنی کەسایەتییەکی بەرز و گران و رەوشتێکی باش بوو چ لە بواری وەرزشی و چ لە دەرەوەش، سەردەمی بەرپرسیارێتیی ئەو لە لیژنەی ناوبژیوانانی هەولێر، بە سەردەمی زێڕینی ناوبژیوانانی هەولێر دادەنرێت، بە بۆچوونی زۆربەی ناوبژیوانان کە لە سەر دەستی ئەودا چەندین ناوبژیوانی باش و لێهاتوو پەیدا بوون و هەلی زۆری بۆ رەخساندن بۆ ئەوەی ئاستیان بەرەوپێش بڕوات، هەروەها گرنگیی زۆری بە ناوبژیوانانی خاوەن بڕوانامە و ئەکادیمییەکان دەدا، لەگەڵ ئەو کەسایەتییە وەرزشییە یادگاریی زۆرمان هەیە، رۆژێك دوای ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی کوپەری تیۆری لە شاری بەغدا کاك ئەحمەد پێی گوتم: ئەوە چ واستەیەکت

کردووە ئەو ئەرکەت بۆ دەرچووە لە خولی عێراقی؟ منیش گوتم: خودا شاهێدە هیچ واستەیەکم نەکردووە و خۆشت ئەو راستییە دەزانی، پاشان بووە پێکەنین و گوتی: ئەرکی ناوبژیوانی دورئەهلی و یانەی سەورەی کەرکووت پێ راسپێردراوە، ئەوە بوو باشترین ئاستیشم پێشکەش کرد و لە جیاتی لە خولی نایابم دابنێن، لە خولی پلە دوویان دانام، ساڵی ٢٠٠٤ تاقیکردنەوەی کوپەرمان هەبوو، لە بەغدا دەگەڕاینەوە لە عوزێم لە نزیك چیای حەمرین مەفرەزەیەکی رێگر کە خەڵکیان رووت دەکردەوە، بازگەی پشکنینان دانا بوو، سێ کاتژمێر لە چێشتخانەی سلێمانی ماینەوە، دواتر گەڕاینەوە بۆ بەغدا، ئەو شەوە لە یانەی جەیش ماینەوە کە خوالێخۆشبوو مەحمود نورەدینیش لەوێ بوو.»






● **پووختەیەك لە ژیانی ئەحمەد عەزیزی خوالێخۆشبوو**

ئەحمەد عەزیز لە ساڵی ١٩٥٧ لە گەڕەکی تەیراوەی شاری هەولێر لەدایکبووە و ئەو منداڵ بووە کە ماڵیان گواستراوەتەوە بۆ گەڕەکی سەیداوە، لەو گەڕەکە زۆربەی قۆناغەکانی ژیانی بەسەر بردووە، هەر لە منداڵییەوە شەیدای وەرزش بووە و حەزی لە ناوبژیوانی بووە، بۆیە هەر زوو هەوڵی داوە پلەی باڵا لەو بوارەدا بەدەست بهێنێت، تا بووە بە ناوبژیوانی پلە یەك لە عێراق، ئەگەر کوردیش نەبوایە هەر زوو دەبووە ناوبژیوانی نێودەوڵەتی، لە بەر باری دارایی خانەوادەکەی و فشاری سیاسی، چونکە باوکی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بووە، زۆر جار لە خوێندن دوادەکەوت، بەڵام لە کۆتاییدا بە هیمەتی خۆی توانی پۆلی ١٢ی ئامادەیی تەواو بکات، لە پەنای کاری ناوبژیوانیدا وەك سەرپەرشتیار لە یەکێتیی تۆپی پێی کوردستان چالاکیی دیکەی وەرزشی دەکرد، بۆ ماوەیەکیش سەرۆکی لیژنەی ناوبژیوانان بووە، ئەستێرەیەکی دیاری جیهانی وەرزش بوو لە هەولێر و کوردستان و عێراق، ساڵی ١٩٩٨ژیانی هاوسەرگیریی پێکهێناوە و پێنج منداڵی هەبوو، کە بچووکەکەیان کاکە دیار لە رووداوی دواکۆچی خۆی هاوژینی مامۆستا ئەحمەد لەگەڵی بوون. ئەحمەد عەزیز لە خانەوادەیەکی وەرزشدۆستی دیاری شاری هەولێرە و براگەورەی مامۆستا محەمەد عەزیزی رەحمەتی یاریزان و ناوبژیوانی دیاری هەولێر و کوردستان بووە، حاجی مەحمودی براشیان یاریزانی پێشوو و ناوبژیوانی دیاری هەولێر و کوردستان بووە، کە ئێستا سەرۆکی یەکێتیی پاکسیلسواری عێراق و ئەندامی لیژنەی ئۆلۆمپیی عێراق و ئەندامی دەستەی کارگێڕیی یانەی هەولێرە، جێگای وەبیرهێنانەوەیە ئەحمەد عەزیز لە رۆژی ٢٠٢٠/٨/٧ بە رووداوی هاتووچۆ لە رێگای هەولێر و کۆیە گیانی سپارد.»







لاڤان ئەحمەد:
یاریدەدەری ڕاهێنەری تیپی پاسکیلسواری یانەی نەورۆز

# بەهۆی قەیرانەوە بۆشاییەکی زۆر بۆ یاریزانەکانمان دروست بووە

**تیپی پاسکیلسواریی یانەی نەورۆز یەکێکە لە تیپە هەرە بەهێزەکانی ئاستی کوردستان و عێراق، بۆ پێگەیاندنی کچە یاریزانی کورد لە یارییەکانی پاسکیلسواری هەموو کات پێشەنگ بووە، یاریی پاسکیلسواریش یەکێکە لەو یارییانەی کە یانەکە گرنگیی باشی پێ دەدات و خاوەنی چەندین کچە یاریزانە کە پاشەڕۆژێکی باش چاوەڕوانیان دەکات، لاڤان ئەحمە یەکێك لە کچە یاریزانە بەتواناکانی پێشووی هەڵبژاردەی پاسکیلسواریی عێراق و یانەی نەورۆزە و لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٧ی شاری سلێمانییە، ئەم خاتوونە ئێستاش یاریدەدەری ڕاهێنەری یانەکەیە و لە پاڵەوانێتیەکانی ڕابردوو لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق خاوەن چەندین ئەنجامی شایستە بووە، لاڤان لە ئێستاشدا جگە لە کاری وەرزشی کاری ڕاگەیاندنیش دەکات و فێرگەیەکیان لە شاری سلێمانی کردۆتەوە بۆ ئەو کەسانەی کە ئارەزووی ئەم یارییە دەکەن، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

***چۆن بوو بواری ڕاهێنەریت هەڵبژارد؟**

- بەو پێیەی مـن پێشتر یاریزانی هەڵبـژاردەی عێراق بـووم وماوەیەکی زۆریش وەکو یاریزان لـە یانەی نـەورۆز خزمەتم کردووە، بۆیە لەلایەن ئەندامانی یانەکەمەوە داوام لێکرا کـە وەکـو یاریـدەدەری ڕاهێنـەر لەگـەڵ مامۆسـتا سـیروانی ڕاهێنـەر کار بکـەم، بـە هاوکاریـی بەڕێزیـان فێرگەیەك بۆ ئـەو ئارەزومەندانە بکەینـەوە کـە ئـارەزووی یاریی پاسکیلسـوارییان هەیـە و دەیانەوێت لـە خولەکانیش بەشداری بکـەن.

***هەسـت ناکـەی یارییەکـی قورسـت هەڵبـژاردووە کـە پاسکیلسـوارییە؟**

- لـە دنیـای وەرزشدا پاسکیلسواری یەکێکە لـە وەرزشە قورسـەکان و یاریزانی لـە چاو یارییەکانی دیکە کەمترە، چونکـە پاسکیلسـواری کـە وەك یارییەکانـی دیکـە لـە نـاو شـوێنێکی داخـراودا ئەنجـام نادرێت، بەڵکـو لـە سـەر شـەقامەکانە و مەترسـیدارە.

***ئایا بیـرت لـەوە نەکردۆتـەوە کـە لـە شـاری سلێمانی تیپێکی پاکسیلسواری تایبـەت بـە خۆت درووست بکـەی؟**

-خۆشبەختانە یانەی نـەورۆز لـە پاسکیلسواریدا باشترینی یانەکانـی عێـراق و کوردسـتانە، ئـەوەش بۆمـن شـانازییە کـە لـەم یانەیـەدا بەردەوامـی بـە تیپێـك بـدەم، منیـش خۆم بەخاوەنی ئـەو تیپـە دەزانـم.

*** ئاسـتی یاریـی پاسکیلسـواری کچـان لـە کوردسـتان چـۆن دەبینـی؟**

- لەچـاو پێشـتر یانـەی نـەورۆز لـە ئێسـتادا بـەرەو دواوە ڕۆیشـتووە، ئێسـتا یاریزانـەکان ئاسـتیان زۆر دابەزیـوە، ئـەوەش بەهـۆی بەشـداری نەکردنیـان و ڕاوەسـتانی خـول و پاڵەوانێتییەکانـە، چونکـە لـەم چەنـد سـاڵەی دواییـدا بەهـۆی قەیرانـەوە بۆشـاییەکی زۆر بـۆ یاریزانەکانمـان دروسـت بـووە.

*** چی بکرێت باشە بۆ ئـەوەی ئاستی ئـەم یارییـە لـە کوردستان بـەرەو پێش بچێت؟**

-پێویسـتە بەرپرسـانی وەرزشـی زیاتـر پاڵپشـتیی یاریزانـە سـەرکەوتووەکان بکـەن، بـە پاڵپشـتی کـردن و دابیـن کردنـی پێداویسـتییەکان و لـە نزیکـەوە بینینیـان و کردنـەوەی خـول و پاڵەوانێتیـی سـاڵانەی ناوخـۆ و دەرەکـی ئاسـتی یاریـزان بـا ش دەبێـت و وڵات بەرەوپێـش دەچێـت.

*** وەکـو ئافرەتێکـی وەرزشـکار بەرنامـەت بـۆ خـۆت چییـە؟**

-بەرنامـەی مـن ئەوەیـە کـە ئـەو فێرگەیـەی کردوومانەتەوە، یاریزانە باشـەکانی لـێ هەڵبژێرین، تـا بتوانیـن بـە باشترین شێوە گرنگییـان پـێ بدەیـن و ئەنجامـی زۆر باشمان هەبێت.

*** چـی بکرێت باشـە بـۆ هاتنەپێشـەوەی ئافرەتـان لـە بـواری وەرزشـدا؟**

-هیـوام ئەوەیـە کـە خێزانـەکان زیاتر پشتگیریی کچەکانیان بکـەن لـەو بوارانـەی حەزیـان لێیەتـی، لایەنی کـەم ئەگـەر پشتگیریش نەبـن، بـا ڕێگرییـان لـێ نەکـرێ.

*** بۆ ئەو کچانە کە بەنیازن بێنە نێو بواری ڕاهێنـەری چ ئامۆژگارییەکت هەیە؟**

- مـەرج نییـە تەنیـا بـواری ڕاهێنەرایەتـی بێـت، چ هونەرێـك بێـت، یـان هـەر یارییـەك و هـەر پرۆژەیـەك کـە حـەزی لـێ بکـەن، پێویسـتە هەوڵـی بـۆ بـدەن، وا باشـترە چـاوەڕێ ئـەوە نەبـن کـە کەسـێك دەسـتیان بگـرێ و ڕێنوێیـان بـکات، ئێسـتا هەمـوو شـتێك زۆر ئاسـانە بـۆ ئـەوەی بەدەسـتی بێنـێ.

***داواکاری و پێشـنیارت بـۆ لایەنـی بەرپرسـی وەرزشـی چییـە؟**

-پێویسـتە زیاتـر لایەنـی پەیوەنـدار پاڵپشـتی وەرزشـکاران بـکات، تاوەکـو زیاتـر وەرزش بـەرەو پێش بچێت و یاریزانانی کوردستان ئاسـتی وەرزشـییان باشـتر بێـت.

*** ئایـا لەگـەڵ ئەوەیـت لـە بـواری وەرزشـدا چاکسـازی بکرێـت؟**

- بێگومـان دونیـا ڕۆژ بـە ڕۆژ لـە گۆڕانکاریدایـە، ڕۆژانـە پێویسـتمان بـە چاکسـازی و وەرگرتنـی زانیاریـی زیاتـر هەیـە.

*** دوو کار ئەنجـام دەدەیـت، وەرزش و ڕاگەیانـدن، لـە کامەیـان سـەرکەوتوو تریـت؟**

-وەرزش و ڕاگەیانـدن هەردووکـی خولیایـە، هەردووکـم خۆش دەوێـن، مـن زۆر خۆشحاڵم کە لـە هـەردوو بوارەکەدا بـە باشـی خزمەتـم کـردووە.

*** لە کۆتاییدا چ شتێکت ماوە؟**

-زۆر سـوپاس بـۆ ئـەم چاوپێکەوتنـە و خوێنەرانـی ئـەم گۆڤـارەش، بەهیـوام وەرزشی کوردستان زیاتر و زیاتر بـەرەو پێـش بچێـت.



# ئەو نۆ یاریزانە بناسە
# کە یاریکردنیان لە بەرشلۆنە ڕەتکردەوە

یانەی بەرشلۆنە، کە ١٢٠ ساڵە دامەزراوە و خاوەنی ٥ نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپایە و ٢٦ نازناوی خولی ئیسپانیا و ٣٠ نازناوی جامی شای بردووەتەوە بەڵام زۆرێك لە ئەستیرەکان پۆشینی درێسی بەرشلۆنەیان ڕەتکردووەتەوە.

لەم راپۆرتەدا دیارترین ئەو یاریزانانە دەخەینەڕوو، کە ئامادەنەبوونە پەیوەندی بە یانەی بەرشلۆنە بکەن.

راپۆرت: ڕێبین ڕەمزی

١. کیڤن گامیرۆ

ئەم هێرشبەرە فەرەنسییە دوای ئەوەی وەرزێکی سەرکەوتووی لەگەڵ ئیشبیلیە تێپەڕ کرد و نازناوی یۆرۆپالیگی لەگەڵ یانەکە بردەوە، لە هاوینی ٢٠١٦ بەرشلۆنە ئۆفەرێکی پێشکەش کرد، بەڵام ئەو یاریزانە ئامادەنەبوو یاری بۆ بەرشلۆنە بکات و رایگەیاند، کە ئەو یانەیە مێسی و نیمار و سوارێزی هەیە و هیوایەك نەماوەتەوە بۆ ئەوەی شوێنی لەو پێکهاتەیە ببێتەوە، بۆیە بە ٢٨ ملیۆن یۆرۆ لە جیاتی بەرشلۆنە ڕوویکردە ئەتلەتیکۆ مەدرید.

٢. کوکی:

دوای ئەوەی لەگەڵ یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید گەیشتە یاریی کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا ٢٠١٤، بەرشلۆنە بۆ گواستنەوەی کوکی چووە سەرهێڵ، بەڵام ئەو یاریزانە مانەوەی لە یانەکەی هەڵبژارد و حەزی نەکرد لە بەرشلۆنە یاری بکات.

٣. مارکۆ ئاسێنسیۆ:

ئەم یاریزانە، کە ئێستا لە ریال مەدرید یاری دەکات، بژاردەی ئەوەی لەبەردەم بوو درێسی بەرشلۆنە بپۆشێت، لەمبارەیەوە دەڵێت: دەمتوانی لە بەرشلۆنە یاری بکەم و ئەو دەرفەتەم بۆ هاتە پێش، بەڵام من ریال مەدریدم هەڵبژارد، نەمویست درێسی بەرشلۆنە بپۆشم، چونکە خەونی من ئەوە بوو ببمە یەکێك لە ئەستێرەکانی داهاتووی ریال مەدرید.

٤. رافاییل گیریرۆ

دوای ئەوەی سەرکەوتنێکی مێژوویی لەگەڵ هەڵبژاردەی پورتوگال لە یۆرۆی ٢٠١٦ تۆمار کرد، چەندان یانەی گەورە بۆ گواستنەوەی رافاییل گیریرۆی پورتوگالی هاتنە سەرهێڵ، کە ئەوکات ئەو یاریزانە یاری بۆ یانەی لۆریانی فەرەنسی دەکرد، دیارترینیان یانە، کە ئارەزووی گواستنەوەی دەکرد بەرشلۆنە بوو، بەڵام ئەو یاریزانە بە نەخێر وەڵامی ئۆفەرەکەی بەرشلۆنە دایەوە ئۆکەی بۆ یانەی بروسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانیا کرد.

٥. ماوریسیۆ لیمۆس

ئەم بەرگریکارە ئۆروگواییە، کە ئێستا تەمەنی ٢٤ ساڵە پێش چوار ساڵ بەرشلۆنە ئۆفەرێکی پێشکەش کرد، کە ئەوکات یاری بۆ یانەی لاس پاڵماسی ئیسپانیا دەکرد، بەڵام ڕۆیشتنی بۆ یانە کەتەلۆنیاییەکە ڕەتکردەوە و گوتی: تەمەنی ئێستام ٢٠ ساڵە گونجاو نییە بۆ ئەوەی لە بەرشلۆنە یاری بکەم، باشترە هەر لە لاس پاڵماس بمێنمەوە.

٦. تیاگۆ سیلڤا

تیاگۆ سیلڤا بەرگریکاری بەرازیلی پێش ئەوەی ڕوویکاتە پاریس سانت جێرمان لە لایەن بەرشلۆنە داوا کرا، بەڵام ئەو یاریزانە ڕۆیشتنی بۆ بەرشلۆنە ڕەتکردەوە و ئێستاش یاری بۆ یانەی چێڵسی دەکات.





**٧. داریۆ سرنا**

ئەم ناوەراستکارە کرواتییە، کە ئێستا وازی لە یاریکردن هێناوە لە لایەن بەرشلۆنە داوا کرا، بەڵام نەیتوانی دەستبەرداری یانەی منداڵیی خۆی بێت، کە یانەی شاختار بوو، کە ماوەی ١٥ ساڵ لە ڕیزەکانی ئەو یانەیە یاری کرد و ئێستا بەڕێوبەری وەرزشییە لە هەمان یانە.

**٨. دیڤید لویز**

ئەم بەرگریکارە بەرازیلییە کاتێك لە ٢٠١٤ بە بەهای ٥٠ ملیۆن یۆرۆ لە یانەی چێلسییەوە ڕوویکردە پاریس سانت جێرمان، لە هەمان ساڵ بەرشلۆنە بۆ گواستنەوەی دەستی بە گفتوگۆ کرد، بەڵام ئەو ڕۆیشتنی بۆ پاریس بە بڕیارێکی دروستتر زانی لەوەی بچێت یاری بۆ بەرشلۆنە بکات.

**٩. ئۆبامیانگ**

بەرشلۆنە لەم هاوینەدا هەوڵی دا ئۆبامیانگ بکاتە شوێنگرەوەی لویس سوارێز، بەڵام ئەو یاریزانە مانەوەی لە ئەرسێناڵ هەڵبژارد و ڕایگەیاند دەوێت هاوشێوەی تیری هێنری ببێتە ئەستێرەیەکی مێژووی یانە لەندەنییەکە، دواجار مانەوەی لەژێر سەرپەرشتی میکیل ئارتێتا هەڵبژارد و گرێبەستەکەی بۆ دوو ساڵی دیکە لەگەڵ ئەرسێناڵ درێژ کردەوە.

# نیمار هەڕەشەی سڕکردنی تا کۆتایی ئەم ساڵ لێدەکرێت

بە گوێرەی سەرچاوەیەکی ڕاگەیاندنی فەرەنسا پێشبینی دەکرێت نیمار دا سیلڤای هێرشبەری یانەی پاریس سانت جێرمان تاوەکو سەرەتای ٢٠٢١ لە یاریکردن لە خولی فەرەنسی بێبەش بکرێت.

ڕۆژنامەی لیکیپی فەرەنسی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە نیمار لە یاری بەرانبەر ڕیمس هەستی بە ئازار کردووە، بەڵام ئەوکات ئێیمار دەریخست، کە هیچ پێکانێکی نییە و یارییەکەی تا کۆتایی تەواو کرد، دواتر دەرکەوتووە کە ئەو یاریزانە پێکانی هەیە.

لە لایەکی دیکەیشەوە، سەرچاوەکە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە لە یاریی نێوان پاریس سانت جێرمان و مارسیلیا، کە لە گەڕی سێیەمی لیگ وەنی فەرەنسا بەڕێوەچوو گرژی و بەریەککەوتنێکی زۆر لە نێوان یاریزان ڕوویدا، دواتر لە لێکۆڵینەوەکان نیمار بۆ دوو یاری سڕکرا، بەڵام لە ئێستادا پێداچوونەوە و لێکۆڵینەوەی زیاتر لەو ڕووداوە کراوە، دەرکەوتووە ئالڤارۆ بە نیماری گوتووە مەیموون، نیماریش بە زمانێکی توند و شەڕانگێزی وەڵامی داوەتەوە، بۆیە چاوەڕێ دەکرێت لە چەند ڕۆژی داهاتوودا سزایەکانی سەر نیمار و ئالڤارۆ قورستر بکرێت.

بە گوێرەی هەمان سەرچاوە ڕەنگە نیمار بۆ ١٠ یاری لە خولی فەرەنسا سڕ بکرێت و بەمەش تا سەرەتای ٢٠٢١ ناتوانێت بگەڕێتەوە یاریکردن.



